# ئیمان هێنان به‌ پێغه‌مبه‌ران

(علیهم الصلاة والسلام)

[ به‌ كوردی ]

الإيمان بالأنبياء والمرسلين
صلى الله عليهم أجمعين

[ باللغة الكوردية ]

ئاماده‌كرنی : عه‌بدولله‌ سابیر گه‌رمیانی
اعداد : عبد الله سابير كرمياني

پێداچونه‌وه‌: پشتیوان سابیر عه‌زیز
المراجعة:بشتيوان صابر عزيز

نوسینگه‌ی ( ره‌بوه‌ی ) هه‌ره‌وه‌زیی بۆ بانگه‌واز و وشیاركردنه‌وه‌ی
ڕه‌وه‌نده‌كان له‌ شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة
بمدينة الرياض

2009 -1430

islamhouse.com

# ئیمان هێنان بە پێغەمبەران

## (علیهم الصلاة والسلام )

پێناسەی ( نەبی و ڕەسول ) :

یەکەم: نەبی لەزمانی عەرەبیدا: وەرگیراوەلە ( نبأ ) ، واتەهەواڵ، خوای گەورەدەفەرموێت: { عَمَّ يَتَسَآءَلُونَ * عَنِ ٱلنَّبَإِ ٱلۡعَظِيمِ } واتە: (ئەی خەڵکە) دەربارەی چی لەیەکتر دەپرسن؟دەربارەی هەواڵەگەورەو گرنگەکە!! (کەڕۆژی قیامەتە).

وەوتراوە: ( نەبی)وەرگیراوەلە(النبوة)، واتە: شوێنێکی بەرز لەزەویدا.

وەپەیوەندی وشەی (نەبی) وماناکەی لەزماندا روونە، لەبەر ئەوەی هەموو ( نەبی) یێک پلەی بەرزی هەیەلەلای خوای گەورەلەدونیا ودوارۆژدا.

دووەم: نەبی لەشەرعدا: ئەو کەسەیەکەوا خوای گەورەهەواڵی پێدەدات بۆ ئەوەی کار بەشەریعەتی پێش خۆی بکات، وەخوای گەورەدەینێرێت بۆ قەومێک باوەڕیان هەیەبەشەریعەتی پێش خۆیان، بۆ ئەوەی ئەو ئەو بیدعانەپوچەڵ بکاتەوەکەوا دایانهێناوە، وەئەو شتانەڕاست کاتەوەکەهەڵەیان تێیدا کردوە...

سێیەم: ڕەسول لەزمانی عەرەبیدا:وەرگیراوەلە(البعث)ەوە،واتە: نێردراو بەپەیامێک، خوای گەورە دەفەرموێت دەربارەی مەلیکەی سبأ:{ وَإِنِّى مُرۡسِلَةٌ إِلَيۡهِم بِهَدِيَّةٍ فَنَاظِرَةُۢ بِمَ يَرۡجِعُ ٱلۡمُرۡسَلُونَ} واتە: جا بەڕاستی من دیارییەکی بەنرخ و گەورەیان بۆ دەنێرم، ئەنجا چاوەڕوان دەکەم کەنێردراوەکان بەچی یەوەدەگەڕێنەوە.

چوارەم: ڕەسول لەشەرعدا: ئەو کەسەیەکەوا خوای گەورەوەحی شەرعی پێ دەگەیێنێت وڕەوانەی دەکات بۆ ئەو کەسانەی سەرپێچی فرمانەکانی خوای گەورەدەکەن، یان ڕەوانەی دەکات بۆ قەمێک کەپێشتر پێغەمبەریان بۆ نەنێردراوە.

لەپاش ئەم پێناسەیە دەڵێین ئیمان هێنان بەپێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام )واتە: ئیمان هێنان بەو کەسانەی کەخوای پەروەدگار وەحی بۆ کردن و کردوونی بەنێردراوی خۆی بۆ هیدایەت دانی خەڵکی ودەربازکردنیان لەتاریکای کوفرو شیرک و گومڕایی بۆ ڕووناکی ئیمان ویەکخواپەرستی وهیدایەت .

ئەوانیش ژمارەیان زۆرەیەکەمینیان (نوح)ە(علیه السلام) دواهەمینیان (محمد)ە(صلى الله علیه وسلم) .

وەئیمان هێنان بەوەی کەهەموویان لەلایەن خوای گەورەنێردراون وهەروەها ڕاستگۆشن لەوەی بانگی خەڵکی بۆ دەکەن .

وەئیمان بهێنین بەوەی هەر هەموویان پەیامی خوایان بەتەواوەتی گەیاندووەو خیانەت و کەم تەرخەمی و لادان زۆر دوورەلێیان .

هەروەها دەبێ ئیمان بهێنین بەهەر هەموو پێغەمبەران .

نابێ باوەڕ بکەین بەهەندێکیان و باوەڕ نەکەین بەهەندێکی تریان.چونکەباوەڕ نەبوون بەیەک پێغەمبەر کەناوی هاتووەلەقورئان یان لەسوننەت کافر بوونەبەرامبەر هەموو پێغەمبەرانی تر وەک خوای گەورەدەفەرموێت {إِنَّ الَّذِينَ يَكْفُرُونَ بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ وَيُرِيدُونَ أَنْ يُفَرِّقُوا بَيْنَ اللَّهِ وَرُسُلِهِ وَيَقُولُونَ نُؤْمِنُ بِبَعْضٍ وَنَكْفُرُ بِبَعْضٍ وَيُرِيدُونَ أَنْ

يَتَّخِذُوا بَيْنَ ذَلِكَ سَبِيلًا (١٥٠) أُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ حَقًّا وَأَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ عَذَابًا مُهِينًا } (النساء/١٥٠ـ١٥١) .

واتە: ئەوانەی بێ باوەڕ بوون بەخواو پێغەمبەرەکەی ، دەیانەوێت جیاوازی بخەنەنێوان خوداو پێغەمبەرانی . کاتێک دەڵێن باوەڕ بەهەندێکیان دەکەین و باوەڕ بەهەندێکی تریان ناکەین بەڕاستی ئەمانەکافری ڕاستەقینەن.

وەنابێ جیاوازی بخەینەناویان وەدەبێ گوێڕایەڵیان بکەین وسەرپێچیان نەکەین وەکو خوای گەورەدەفەرموێت: { مَنْ يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ اللَّهَ وَمَنْ تَوَلَّى فَمَا أَرْسَلْنَاكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظًا } (النساء/٨٠) .

واتە: هەرکەسێ گوێڕایەڵی پێغەمبەر بکات ئەوا گوێڕایەڵی خوای گەورەی کردووە. هەروەها دەبێ ئیمانمان هەبێ بەوەی کەپێغەمبەران جاکترینی خەڵکن لەرووی خورەوشت و کردەوەو گوفتارو ڕەفتاردا وەراستگۆترینینیان .

وهەندێ تایبەت مەندیان هەیە کە هیچ لەمرۆڤەکانی تر نی یەتی هەروەها خوای گەورەپاراستوونیەتی (عصمهم ) لەهەموو خراپەکاریەک ودرۆو خیانەت و غەش کردن و زوڵم و ستەم وەشاردنەوەو کەمتەرخەمی لەڕاگەیاندنی پەیامی خودا .

هەروەها لەکردنی تاوانی بچووک و گەورەتەنها جار جار هەڵەی بچووکیان لێ روودەدات وەک خواردنی ئادەم بۆ ئەو دارەی خودا لەسەری حەرام کردبوو .

بەڵام بەردەوام نابن لەسەری و پاشگەز دەبنەوەڵی ی .

هەروەها دەبێ ئیمانمان هەبێ بەوەی کەپێغەمبەران بۆ مەبەستێکی سەرەکی رەوانەکراون ، کەئەویش یەکخواپەرستی و دوورکەتنەوەیەلەشرک و کوفرو طاغووتان .

وەک خوای گەورەدەفەرموێت { وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولًا أَنِ اُعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ فَمِنْهُمْ مَنْ هَدَى اللَّهُ وَمِنْهُمْ مَنْ حَقَّتْ عَلَيْهِ الضَّلَالَةُ فَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانْظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ } (النحل/٣٦) .

واتە: بەدڵنیایەوەبۆ هەموو میللەتێک پێغەمبەرێکمان ناردووەکەپێیان رابگەیەنێ کەتەنها خودا بپەرستن و دووربکەونەوەلەطاغوتان .

هەروەها دەفەرموێت { بَلْ قَالُوا أَضْغَاثُ أَحْلَامٍ بَلِ افْتَرَاهُ بَلْ هُوَ شَاعِرٌ فَلْيَأْتِنَا بِآيَةٍ كَمَا أُرْسِلَ الْأَوَّلُونَ } (الأنبياء/٥) .

واتە: نەمان ناردووەلەپێش تۆ لەپێغەمبەرێک ئیلا پێمان ڕاگەیاندووەو وەحیمان بۆ کردووە، کەوا بەبێ گومان هیچ خوایەک نی یەبەحەق جگەلەمن ـ جا بم پەرستن .

هەروها دەبی ئیمانمان هەبی بەوەی کەهەموو پێغەمبەران وەک ئێمەمرۆڤبوونەلەخوێن و گۆشت بوونە، وەهەموویان پیاو بوونەوەک خوای گەورەدەفەرموێت { وَمَا جَعَلْنَاهُمْ جَسَدًا لَا يَأْكُلُونَ الطَّعَامَ وَمَا كَانُوا خَالِدِينَ } (الأنبياء/٧).

واتە: نەمان ناردووەپێش تۆ ئەی محمد لەپێغەمبەران ئیلا پیاوانێک بوون وەحیمان بۆیان دەکرد .

هەروەک سەجەم مرۆڤەکانی تر ، خواردنیان دەخواردەوەو ژنیان دەهێناو منالّ و نەوەیان هەبووە. وەک خوای گەورە دەفەرمووێت: { وَقَالَ الرَّسُولُ يَا رَبِّ إِنَّ قَوْمِي اتَّخَذُوا هَذَا الْقُرْآنَ مَهْجُورًا } (الفرقان/٣٠) .

واتە: پێش تۆ نەمان ناردووەلەپێغەمبەران ئیلا هەموویان نانیان دەخوارد و هاموشۆی بازارەکانیان دەکرد .

هەروەها دەفەرموێت: { وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلًا مِنْ قَبْلِكَ وَجَعَلْنَا لَهُمْ أَزْوَاجًا وَذُرِّيَّةً وَمَا كَانَ لِرَسُولٍ أَنْ يَأْتِيَ بِآيَةٍ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ لِكُلِّ أَجَلٍ كِتَابٌ } (الرعد/٣٨) .

واتە: پێش تۆ ئەی محمد پێغەمبەرمان رەوانەکردووە، ژن ومالّ ونەوەشمان پێ یان بەخشیوە، هەروەها وەک پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: (ولكنى أصوم وأفطر وأصلي وأرقد وأتزوج النساء ) .

واتە: بەلاّم من ڕۆژ هەیەبەڕۆژوو ئەبم و ڕۆژ هەیەبەڕۆژوو نابم ، وەشەو نوێژیش ئەکەم و ئەش خەوم وەژنیش دەهێنم ) .

هەروەها دەبێ بزانین کەوا پێغەمبەران ( عليهم السلام ) هیج سوود وقازانجێکیان بەدەست نی یەوەغەیب نازانن تەنها ئەوەی خودا پێ ی راگەیاندوون ، وەک خوای گەورە دەفەرموێت: { قُلْ لَا أَمْلِكُ لِنَفْسِي نَفْعًا وَلَا ضَرًّا إِلَّا مَا شَاءَ اللَّهُ وَلَوْ كُنْتُ أَعْلَمُ الْغَيْبَ لَاسْتَكْثَرْتُ مِنَ الْخَيْرِ وَمَا مَسَّنِيَ السُّوءُ إِنْ أَنَا إِلَّا نَذِيرٌ وَبَشِيرٌ لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ } (الاعراف/١٨٨) .

واتە: ئەی محمد بلّێ هیج سودو قازانجێکم بۆ خۆم بەدەست نی یە. ئیلا ئەوەی خودا مەبەستی لّی یەتی .

وەئەگەر غەیبم بزانیایە. ئەوا هەر قازانجم دەکرد و قەد تووشی زەرەرو زیان نەدەبووم وەقەت تووشی ناخۆشی نەدەهاتم بەڵکو من تەنها ئاگادار کەرەوەم لەدۆزەخ وەموژدەرم بۆ گەلێکی ئیماندار .

وەدەبێ ئیمان بهێنین بەو (٢٥) پێغەمبەری کەناویان لەقورئان هاتووەیەکەبەیەکەیان وەئەوانەی تریش بەگشتی ئیمان یان پێ دەهێنین جونکەژمارەیان زیاترەلەوە(٢٥) وەک خوای گەورە دەفەرموێت: { وَرُسُلًا قَدْ قَصَصْنَاهُمْ عَلَيْكَ مِنْ قَبْلُ وَرُسُلًا لَمْ نَقْصُصْهُمْ عَلَيْكَ وَكَلَّمَ اللَّهُ مُوسَى تَكْلِيمًا } ( النساء/١٦٤) .

واتە: هەندێک پێغەمبەرمان بۆت باس کردووە وهەندێکی تریشمان بۆت باس نەکردووە.

سەرچاوە:


١. کتێبی ( بیان ارکان الإیمان ) ، نوسینی عبدالله صالح القصیّر، چاپی یەکەم ١٤٢٤ کۆچی.لاپەڕە:٤٢.

٢. کتێبی ( ئیمان لەلای ئەهلی سوننەو جەماعە ) ، نوسینی الیاس محمد ،چاپی دووەم،لاپەڕە:١٦ تا ١٨.

٣. پوختەی تەفسیری قورئان، محمد مەلا صالح، چاپی سییەم.

٤. تەفسیری ئاسان،بورهان محمد امین.